




# ئەدەب توخمی نییە!

**مەهاباد قەرەداغی**

زۆر شت هەیە بە هەڵە دەوترێن، بەردەوام وتنەوەیان بە تایبەت لە لایەن کەسانێکەوە کە لە نێو دنیای ئەدەب و کولتووردا پێگەیان هەیە، هەڵەکان دەکات بە شتێکی باو. ئێمە زۆرجار هەڵەیەکی باوی لەو جۆرەمان گوێ لێ دەبێت کە ئەویش دابەشکردنی جەندەریانەی ئەدەبە. ئەدەبی ئافرەت، وەک هەڵەیەکی باو، سەدان نووسینیشی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام ئایا ڕەوایە توخمبەندیی بە مەرامی جیاکردنەوە ئەدەبیش بگرێتەوە، وەک چۆن هەموو دیاردەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە؟!

ئەدەب، چڕکراوەی بیر و ئەندێشەی مرۆڤەو بە ئامرازی زمان دەردەبڕرێت. ئەدەب، توخمی نییە و بێلایەنە و بەرهەمی مرۆڤە. بەرهەمهێنەری ئەو ئەندێشەیە نێر بێ، یان مێ، نە لە بەهای ئەدەبی یەکێکیان کەم دەکاتەوە، نە نرخی بەرهەمی ئەوی دیکەیان دەباتە سەر. دوو جۆر ئەدەب لە ئارادا نییە تا ناوی ئەدەبی ئافرەت و ئەدەبی پیاو بێت، تەنیا یەک ئەدەب هەیە و هی مرۆڤە و بۆ مرۆڤە. شێواز و ئەزموونی نووسەرەکان جیاوازن، بۆیە نووسینەکانیشیان جیاواز دەبن. نووسینی پیاوێک و پیاوێکی دیکە، ژنێک و ژنێکی دیکە، لە یەک ناچن، ئەگەرچی هەندێ ڕەگەز و وێنەی هاوبەشیشیان تێدا بێت. هاوبەشی و جیاوازییش ڕەوا و ئاسایین، لە نێوانی نێر و مێ و نێر و نێر و مێ و نێریشدا. ئەگەر ئەدەب توخمبەندی تێدا هەبوایە و بەرز و نزمیی ئاستی نووسین پەیوەست بوایە بە نێر و مێ بوونی ئەدیبەکانەوە، ئەوە بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی نەدەدرا بە دەیان ئەدیبی ژن، لەگەڵ دەیان ئەدیبی پیاو.

بەرهەمی ئەدەبی مۆرکی مرۆڤایەتی و موڵکی مرۆڤایەتییە، ئەگەر حەوت ملیار مرۆڤەکەی سەرزەمین، هەموویان نووسەر بوونایە و لەسەر دیاردەیەکی دیاریکراو، یان بابەتێکی ئەدەبییان نووسیبایە، حەوت ملیار ماددەی جیاواز بەرهەم دەهات. خۆی ئەم جیاوازییەیە کە مرۆڤی کردووە بە سەروەری گەردوون و دەوڵەمەنترین بوونەوەری دنیا و گەورەی ئەم زەمینە.

ئەوەی بۆ نووسینی ئەدەب دەستی دایە پێنووس، جا هەر جۆر و ژانرێکی بێت، ئەزموونێکی مرۆڤانە پێشکەش دەکات، با چیتر هەڵەی توخمبەندی ئەدەب سەدپاتە نەکەینەوە و بە بایەخ و یەکسانییەوە بڕوانینە بەرهەمی مرۆڤەکان.